# سێ خەوی باو(دایکم)

بەندی عەلی



هەموو شەوێ
بەئەسپایی..دێتە خەوم
ئەڵێ نەبا
فریشتەیەک مێوانی بێ و
باسی ڕووبارە هەنگوین و
جۆگەلە شەرابەکان و
حۆریە کەمەر تەنگەکانی
باخە ڕەنگاو ڕەنگەکانی
فیردۆس بکەن
کەئەم بینێ هەر بەتەنیام
لەژێر کەپری برژانگیەوە
دەنک دەنک
بەرسیلە فرمێسک خەمی
لێ ئەبارێ
بۆ قژی ئاڵۆزی بەختم
کەلەم زستانی عومرەیا
چەند درێژو قەترانیە
(باوکم)

زۆر ئەترسم
بەدەم زیکری وەنەوزەوە
شنەی سەرخەو بمباتەوە
بۆ سوچێکی خانەقاکەی
نەک لەحوزور
دەروێشە جوامێرەکانی
ئەوانەی نێر
بەنوێنەری خوا ئەزانن
لەسەر زەوی و
مێ بەبێ عەقڵێکی پەتی
بمکات بەعیبرەی پیاوەتی
ئەویش ئەمەی لەخوا ئەوێ
تاکو دڕکی چاوی ڕەقیب
لەدرزەکانی ئاوێنەی
روحی قرنجاوی منا بقرتێنێ

بۆیە منیش هەموو شەوێ
زۆر ئەترسم ، شنەی خەوێ
هەنگی چاوم لەخشتەباو
ئەویش ئەمەی لەخوا ئەوێ

)خوشکم(

فرسەت لەکوێری شەو دێنێ و
بەترسەوە دێتە خەوم
شوڕەبیەکەی ژێر شەستەبارانی
ورزی غەدرو ستەم
پریاسکەیەک لەنهێنی
لەکۆڵدایەو
کوپە شەرابێکی کۆنیش
ڕازو نیاز
سەرپۆشێکیش
لەداوی باریکی درۆی
جاڵجاڵۆکەکانی نەریت
ڕێی شەماڵی لەکەرویشکەی
دەشتی ئەگریجەی گرتووەو
گەلەگورگێ چاوی زەقیش
بەدوایەوەن
زۆر ئەترسم بەختی ئەویش
وەکو بەختی
پەپوولە سوتاوەکانی
دەووری چرای عیشقی لێبیت

یونیی 2008